# داستان و ئەفسانەی مام جەلال

# سەرکردەی گەورەی نەتەوەیی کورد و کوردستان



مام جەلال و بارزانی و هەژار



مام جەلال و شێخ لەتیف




مام جەلال و کامەران بەدرخان

دە ناو گەل و نەتەوەیەل زیندوی جیهان دا فرە بە دەگمەن کەسایەتیەک هەڵ ئەکەفێ کە بە تاقی تەنیا بیێتە هێما ئەڕای بوون و مان و ئاستی بەرزی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و ئاکاری شۆرشگێڕیی پێشکەوتنخوازانەی خاک و خەڵکەکەی . گەر هێندەک ناودار و لەهەنگێن دن ێن مەردم کوردستان ، بە ژمارە زۆر ، توانییێتیان لایەنەک جە لایەنگەل ژین و ژیاری کوردەواری یان خەملاندبێ و بەرزیان کردبێتەوە ، ئەو ئیدی مام جەلال هەموو بوارەکانی ژیانی کوردەواری کردبووە مەیدان و گۆرەپانی چالاکی و تێکۆشانی خۆی و لە هەمووشیان دا گەهشتە لووتکەی سەرکەوتن .

مام جەلال وەک پێشمەرگە ، بەشێکی بەرچاوی تەمەنی وەک پێشمەرگە و دە ناو ئاگری تۆپ و بۆمبا و کیمیاباران و پەلاماری دژە مرۆڤانەی داگیرکەرانی کوردستان ژیا و لە شەڕە بەناوبانگەکەی قەیوان – ماوەت هونەری فەرماندیی پێشمەرگەی گەیاندە ئاستی هەرە بەرزی فرەماندەی مەیدانی ( فیلد مارشاڵ ) لە شەڕێکی بەربڵاو و گاورەو وەک شەڕی قەیوان – ماوەت .

مام جەلال نووسەر و خاوەن خامەیەکی بەهیز و توانا بوو و خەرمانی بەرهەمێ " توانا " ( ناوی خامەکەی مام جەلال) لە بواری سیاسی و ئادیۆلۆژیکی و تێئۆری فرە ڕەنگین و سەنگینە و بەشێکی بەرچاوی سامانی مێژوویی مێژووی سیاسی و فەرهەنگی کوردی پێک تینێ .

قەبە و دەوڵەمەندی و بەرفرەهیا پەرتووکخانەکەی مام جەلال ، هێمایە پەی پانتایی و ئاستی هەرە بەرزی ڕۆشنبیریی کەڵەپیاوە هەڵکەوتووەکەی کوردان ، چاوگەیەک کە جێی ئافەرین و لە هەمان کاتیشدا جێی ئێرەیی هەمووان بوو .

هەکە ئەهاتە سەر وتار و وتاردان لەبۆ ئاپۆرەی بەرفراوانی خەڵک ، مام جەلال وەستا و وەستاکاری هەلکەوتەی ئەو بوارە بوو . بە پێچەوانەی سیاسیکارانی گاورە و گچکە ، مام جەلال پەیف و وشەی کوردی ئەهێنایە سەما و جۆشی ئەدان و ئەیکردنە پێخۆری کوردایەتی و بیر و هزر و گیانی خەڵکی پێ دەمە زەرد ئەکردوە . دەگمەنی و تاقانە بوونی مام جەلال لەم بوارەدا لەوە دابوو کە وتارەکانی لە پێش دا ئامادە نەئەکرد و نە وتار نووسی هەبوو و نە پێویستی پێیان بوو ، چما کەس هەبوو وەکی ڕاوێژکار و وتار نووس ، ئامۆژگاری مام بکات کە چی بڵێ و چی نەڵێ ، وەک ئەوەی ئێستا باوی سیاسیکارانە لە ئاستی جیهانی دا .

هۆزان و شێعر و موزیک پارەک دانەبڕاو لە ژیانی مامەکەی کوردەواری بوو . لە گەرمەی شەڕ و شۆرش و پێشمەرگایەتی و چیا و کەژ و کۆ ، هۆزانڤان ( شێرکۆی لووتکە ) ، نووسەر ، وەرگێر ، خودان خامە ، دەنگ خۆش ، ستران بێژ و قام خوێن ، پوورەی هەنگ ئاسا لە دەوری شاگۆڵەکەی کوردستان جمەیان ئەهات . لە هەر شوێنێک و دە بن هەر کێو و

چیا و بەندەنێکا ، لە هەر بازێر و شار و شارۆچکەیەک دا ، مام هەواری هەڵدابا ، هەوارگەی مام جەلال دەبووە پاتەختی ڕۆشنبیری و هونەر و موزیک .

سیاسەت مۆمی خۆشەکراو و دەستەمۆی مامۆستای سیاسەت ، مام جەلال بوو . گەر لێهاتوویی و چازانیی و لێزانیی سیاسی و دیپلۆماتیکی قوناخەکانی دوایی ژیانی مام جەلال لۆ زانایی و فیربوون بگێڕینەوە ئەوە ئەمێنێتەوە کە سەردەمی بەرایی سیاسی و گەنجایەتی ئەو کە بە کەمترین تەمەنەوە گەیشتە بەرزترین ئاست و پلەی سیاسی ، ئەبێ بە چی دابنرێ . ئەستێرەی سیاسی مام جەلال هەر یەکجار زوو و بە خێرایی ئەستێرەی فرەیەکی ئاوا کرد . مۆرکی مام جەلال و جەلالی شەقڵی دیاری تێکڕای بوویەر و بەزمی سیاسی کوردستانە ، بە باش و نাবاشەوە .

مام جەلال ، نوێنەری تایبەتمەندی سەردەمیانە و دێموکراتیکی شۆرشی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی کوردە . هونەر و بلیمەتی سیاسی و ئادیۆلۆژیکی مام جەلال لەوە دابوو کە بیر و هزری زاڵی چەپایەتی و پێشکەوتنخوازانەی سەردەمی خۆی وەک ئامرازێک لەبۆ پاراستن و پێشخستنی دۆزی نەتەوەیی کوردی ، بەو پەڕی زانایی و هۆشیاریەوە و بە سەرکەوتوویی بێ وێنەوە بەکار هێنا . بیر و هزری دێموکراتیکی و پێشکەوتنخوازانەی مەردم کوردستان کو نها ئاکار و پایبەتمەندی زەقی بزاڤی نەتەوەیی کوردە ، بەرهەمی کار و خەبات و تێکۆشانی دەیان ساڵەی مام جەلالە . مام جەلال گیانی چەپی نەتەوەیی و سەربەخۆی کۆمەڵگای کوردەواری بوو و ئەو گیانەی پاراست و تەنانەت شەڕی بۆ کرد و دواتریش گەیاندیە لووتکەی سەرکردایەتی شۆرشی نوێی کوردستان . پشکی شێری دەسکەوتی قوناخی ئێستای کورد لە باشوور بە تایبەتی و گشت کوردستان بە گشتی بەر مام جەلال ئەکەوێ .

مام جەلال لە ڕێزی ئەوان سەرکردە و پێشەوای دەگمەن و هەلکەفتەی مێژوو دایە کە لە ناو دڵ و چەرگەی فەرهەنگی ڕەسەنی کوردەواری یەوە سەری هەڵ دا و وەگەردی ژیا و سەری نایەوە . ئەمەش مام جەلالی کردە مامی هەمووان. ئەوەی ، بە دۆست و دوژمنەوە ، تاکە یەکجار و لۆ دەمەک ئا کورت لەگەڵی ڕۆنیشتبێ، هەرگیزا و هەرگیز گەورەیی و دڵ فراوانی ئەو مرۆڤە تاقانەی کوردی لە بیر ناچێتن . لەوانەیە زۆرێک مام جەلال بە دەسکەوت و کاریگەریی و کارامەیی سیاسی یەوە بناسن و پێناسەی بکەن . لێ پسپۆری و بلیمەتی مام جەڵال لەوەدا فرە فرەتەرتەر خویا ئەبێتن کە خەڵکی ئەوە بزانن کە مام جەلال دڵ و دەروونی ئازار دراو و ئازارکێشی مرۆڤی کوردی لە هەمووان پتر ئەناسی و وەپێێ ئەزانی . بزە و پێکەنین ، گفتی خۆش ، ڕووی خۆش و گەش و دڵسۆزی و مشوور خۆری دیاریی دەستی مامەکەی کوردان بوو ئەڕای هەر کەسەک کو بەخت یاری بووبا و مام جەلالی بدیتبا . هەرکەسەی مامی بینیوە وا ئەزانێ کە ئەو تاکە دۆستی گیانی بە گیانی مامەیە . پسپۆر و چازانی کۆمەڵناسی و دەروون ناسی هەر خۆی بوو .

مام جەلال بە تەنێ ، کەلێنی بێ دەسەڵاتیی کوردان و کەسایەتی تاساوی ژێر نیری داگیرکەرانی کوردی پڕ کردبووەوە. مرۆڤی کورد لە بارەگای مام جەلال دا خاوەن کەسایەتی بەرزی مرۆڤانە بوو و هەرچی کەم کووری و کورت هێنانی ژیانی ژێردەستەیی و داگیرکراوی بوو ، ئەڕەویەوە . لایەنی هەرە بەرزی ئەم ئاکارەی مام جەلال لەوەدا بوو کە ئەو تەنانەت مرۆڤی ناکوردیشی لە بێر و پێزی خەرمانی مرۆڤایەتی خۆی بی بەش نەئەکرد . کورد ، ناکوردیش وەگەریان بووت ، لەگەڵ مام جەلال دا ئیدی ئەبووە خاوەنی کەسایەتی سەربەخۆ و سەربەرز ، دە بواری کومەڵەیەتی ، خاوەنی سەروەری نەتەوەیی ، دە بواری سیاسی ، خاوەنی ورە و هیوا و دڵنیایی و ئەرخایەنی بە ژیان و داهاتووی مرۆڤایەتی، لە بواری کەسایەتی دا .

وارگە مام لە شاخ هەردەم سووکە دەسەڵاتێکی کوردی بوو ، یاسا و ڕێسا ، ئی دە پێشمەرگە ، خەلک ئاسوودە و دڵنیا ، قەڵغانی چیا و پێشمەرگە ، پارێزەر . کورد ، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاڤا و باکوور و باشوور ؛ عارەب ، عەجەم ، بە چەپ و ڕاستەوە ، دە بن سێبەری یەکیەتیەکەی مامە ، جەلال تاڵەبانی ، سەرقاڵی بەزم و ڕەزمی شۆرش ، وارگە ئەبووە پێتەختی شۆرش و ئازادی و ڕزگاریخوازی لۆیان . پوورەی هەنگی ئازادیخوازان لە دەوری شای هەنگان لە هات و چووی شێرە و شێلەی شۆرش چنینەوە ئەبوون .

جەلال تاڵەبانی مایەی شانازی گشت مەردم کوردستان ؛ ئێک جە شاهنازێن هەری گرینگ ئا کورد و کوردستان . کوردستان ئەشێ سەربەرز بووت کو ڕۆڵەیەکی نەمر وەکو مام جەلالی تێدا هەلکەوتووە کە بۆ هەتا هەتایە بە نەمری ئەمێنێتەوە .

کاردۆخ

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

٢٠١٧/١٠/٣